# ئەمستەردام؛ "میدیـــا" بەشداری ڤیستیفاڵی "وومان ئینک" دەکات

 

چەند دیمەنێک لە ڤیستیفاڵەکە

کورتە هەواڵ؛ ئەمستەردام 2007/12/3
ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی گەنجانی "میدیـــا" لە هۆڵەندا

بە بەشداری زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان و گەنجانی هەرێمی باکوری هۆڵەندا، لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەی ڕابردوو لە شاری ئەمستەردام ڤیستیفاڵی "وومان ئینک" بەڕێوە چوو، لەم ڤیستیفاڵە فراوانە نوێنەری گەنجان و ژنانی "میدیـــا" ش بانگهێشت کرا بوون و بە فلییکی دۆکۆمێنتێری بەشداری ڤیستیفاڵەکەیان کرد.




بەختیار بەکر لێپسراوی گەنجان لە هۆڵەندا لە سەرەتای دەست پێکردنی بڕگەی "میدیـــا" لە ڤیستیفاڵەکە، پێناسەیەکی کورتی ڕێکخراوەکەیانی بۆ ئامادەبووان کرد و دواتر باسی لە چۆنیەتی درووست کردنی دۆکۆمێنتێرەکە کرد، دوای نمایش کردنی فلیمە دۆکۆمێنتێریەکە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە و سوپاسی ڕێکخەرانی ڤیستیفاڵەکەی کرد.



لە تەوەرێکی تردا خاتوو جوان میراخۆر بە نوێنەرایەتی ژنانی "میدیـــا" لە ئەمستەردام، باسی کار و چالاکیەکانی ڕێکخراوی "میدیـــا" و ژنانی "میدیـــا" ی بۆ ئامادەبووان کرد، پاشان بەڕێزیان بەشداری چڕ و پڕی گفتوگۆکانی کرد. شایەنی باسە جگە لە بەشداری کردن، نوێنەرانی "میدیـــا" توانیان کۆمەڵێک پەیوەندی تازە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان درووست بکەن.



*** "<u>ووما‌ن ئینک</u>" ؛ ڤیستیفاڵێکی بەناوبانگی ساڵانەیە و داکۆکی لە ماف و توانای ژنان دەکات و لە ئەمستەردامی پایتەختی هۆڵەندا بەڕێوە دەچێ. هەر ساڵەی کەسێکی ناودار بەشداری دەکات، ئەم ساڵ شازادەی هۆڵەندا خاتوو (ماکسیما)، لە یەکەم ڕۆژ ئامادەی ڤیستیفاڵەکەی بوو.**